# سەركردە و سەرۆك

دڵزار حەسەن

پرسی سەركردە وەك رەهەندێكی سیاسیی بۆ كەسایەتی بوونی سەركردە زۆر جیاوازترە لە مەهام و ماهیەتی سەرۆك كە لە سادەترین مانایدا سەرۆك بە بونەوەرێكی ئامادەكرا و و ماندار دەگوترێت كە هەڵبژێردرا و یان دەستنیشانكرا و بێت بۆ بەرێوەبردنی وڵات یان هەر پێگەیەكی دیكەی حكومڕانیەت . بەدەر لەوەش تەماسی هەردوو زاراوەش لەو كاتەدا دەست پێدەكات كە كاری ئەوی دیكەیان تەواوبێت و هاوكات لەگەڵ ئەو رێككەوتنەشدا سەرۆك گریمانەی ئەوەی لێوە دەردەكەوێت كە ساتێك لە ساتەكان ئەركی سەرۆكایەتی تەوا و دەبێت و سیفەتی سەرۆكی لێبسەندرێتەوە . چونكە رەمز و ناوی سەرۆك هێندە پەیوەستە بە هەل و مەرجی سیادیەوە هێندە وابەستەی واقیعێك نییە كە لە ماهیەتدا خوازیاری دروستكردنی سەركردە بێت . بۆیە هەمیشە گوتاری سەرۆك گوتارێكی لۆكاڵیانەی زەمەنكورتە بەپێچەوانەی سەركردە كە بەردەوام وەك كارەكتەرێكی ئەفسانەیی لە هەناوی مێژوودا بەرهەم دەهێندرێتەوە .

هەر ئەوەشە وادەكات كە لە زهنی هەر تاكێكدا سەركردە هەمیشە وێنەی جوامێری و زانایی و لێهاتویی بنەخشێنێت ، لێرەشدا سەركردە دەچێتە نێو كلتورێكی تەواو دەوڵەمەندتر لەوەی سەرۆكەوە . چونكە سەرۆك لە جەوهەریدا توانای خوڵقاندنی بەهای گەورە و ناوازەی نییە و ناتوانێ ماناو دەلالەتی تازە بەجوامێری و سوار چاكی بدات ، لێرەوەیە دەكەوینە نێو دەسنیشانكردنی جیاوازی لە نێوان ئەو دوو زاراوەیەدا .

بێگومان وشەی سەرۆك هەڵگری مانایەكی ئەپستراكتیانەی كورتخایەنەو لە زەمەنێك لە زەمەنەكان ئەو پاشگرە هەڵدەوەشێنێتەوە و كەسیش ناتوانێت بۆ هەمیشە خاوەنداریەتی بكات . بەڵام سەركردە گرفتی ئەوەی نییە لەدەرفەتێكدا ناو و نازناو بۆ خۆی دروستبكات ، بەڵكو زاراوەی سەركردە بۆ هەمیشە كێشەی لەگەڵ زەمەنی نێو ململانێ ی سیاسیی و كۆمەڵایەتی و كلتوریەكان نییە ، نمونەی وەك عیسا پێغەمبەر و محەمەد پێغەمبەر و زەردەشت پێغەمبەر و بوزا وغاندی و ماندێلا نمونەی ئەو جۆرە سەركرادانەن كە جوامێری و لێهاتویی و كەسایەتی خۆیان ئەو ناوەی پێبەخشیون نەك بەهۆی وەرگرتنی پۆستێك یان لێپرسراویەتیەكەوە پاشگری سەرۆك بەخۆیەوە بنوسێنێت . لێرەدا من ناچمەوە نێو باس وخواسی ململانێكانی ئەو دوو زاراوەیە بەڵكو بەباشی دەزانم لەسەر سەكۆیەكی گرنگتر بووەستم ئەمیش كوشتنی سەركردەیە لە نێو ماهیەت و جەستەی سەرۆكدا ، چونكە تا ئێستا گەورەترین گرفت كە رۆشنبیران وسیاسیەكانی ئێمە بەدەستیەوە دەناڵێینن ئەوەیە كەناتونن ناو لە كەسایەتیەكانی خۆیان بنێن ، بەلای منەوەش ئەمە ئاریشەیەكی قەیراناوی خوڵقاندووە كە بوار بۆ ئەوە خۆشبكرێت هەر كەسێك و گروپێك بە ئارەزووی خۆیان بەم بڵێن سەرۆك و بەو بڵێن سەركردە و بەو بڵێن سیاسەمەتدار و بەو بڵێن پاڵەوان و بەو بڵێن بیرمەند و روناكبیرو..........هتد كە ئەو ناولێنانەش ئەوەندەی بۆتە شوێنی خەڵەتاندنی راستیەكان هێندە پابەندمان ناكات بە هەقیقەتێكەوە كە لەجەوهەریدا بونیاد نراوە ، رەنگە ئەمەش بۆ ئەوە سازكرابێت كە لەو رێگایەوە بە نەوەی تازە و ئاییندەمان بڵێن ئەوانە ئەو جۆرە شتانەن ، هەرچەندە ناو و ناولێنان كەس ناكات بە هیچ بەڵام مەترسی ئەو جۆرە مامەڵەكردنانەش لەگەڵ نا هەقیقەتكاندا بێگومان راستیەكان چەواشەدەكرێن و كۆمەڵگاش بەناراستی ئاراستە دەكرێن نا ئاگاییەكە لێرەوە سەردەردەكات كە چۆن لە نێو كۆمەڵگای كوردیدا ناو وناولێنان هێندە بەدوای كوشتنی جەوهەری هەقیقەتەكانەوە وێڵە هێندە نایەوێت ئاماژەیەكی دروست ببەخشێتە راستیەكانەوە ......